# سەنتەری رۆشنبیری پارێزەران

## دەقی وەرگێڕدراوی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی پەسەندکراوە

وەرگێرانی

پارێزەر : سالار سلیمان مەنتك

پارێزەر : جیهاد مامند گەردی

پارێزەر : بلال محمد صدیق نێروەیی

مافپەروەر : نادر عبدالعزیز هەرکی

مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

پارێزەر : لاوان شێروان فەیزی

# بەهاوكاری دەستەی كارگێڕی سەنتەری ڕۆشنبیری پارێزەران

**الديباجة:**

بسم الله الرحمن الرحيم

(ولقد كرمنا بني آدم) صدق الله العلي العظيم

"نحنُ أبناء وادي الرافدين موطن الانبياء ومثوى الائمة الاطهار ورواد الحضارة وصناع الكتابة ومهد الترقيم، على ارضنا سنَّ أولُ قانونٍ وضعه الانسان، وفي وطننا خُطَّ أعرقُ عهدٍ عادلٍ لسياسة الأوطان، وفوقَ ترابنا صلى الصحابةُ والاولياء، ونظَّرَ الفلاسفةُ والعلماء، وأبدعَ الأدباءُ والشعراءْ. عرفاناً منّا بحقِ الله علينا، وتلبيةً لنداء وطننا ومواطنينا، واستجابةً لدعوةِ قياداتنا الدينية والوطنية واصرارِ مراجعنا العظام وزعمائنا ومصلحينا وقوانا الوطنية وسياسيينا، ووسطَ مؤازرةٍ عالمية من اصدقائنا ومحبينا، زحفنا لاول مرةٍ في تاريخنا لصناديق الاقتراع بالملايين، رجالاً ونساءً وشيباً وشباناً في 30 يناير/كانون الثاني سنة 2005، مستذكرين مواجع القمع الطائفي من قبل الطغمة المستبدة، ومستلهمين فجائعَ شهداءِ العراق شيعةً وسنةً، عرباً وكرداً وتركماناً، ومعهم بقية اخوانهم من المكونات جميعها، ومستوحين ظُلامةَ استباحة المدن المقدسة والجنوب في الانتفاضة الشعبانية، ومكتوين بلظى شجن المقابر الجماعية والاهوار والدجيل وغيرها، مستنطقين عذابات القمع القومي في مجازر حلبجةَ وبرزانَ والانفال والكرد الفيليين، ومستلهمين مآسي التركمان في بشيروكما في بقية مناطق العراق فقد عانى اهالي المنطقة الغربية من تصفية قيادتها ورموزها وشيوخها وتشريد كفاءاتها وتجفيف منابعها الفكرية والثقافية، فسعينا يداً بيد وكتفاً بكتف، لنصنع عراقنا الجديد، عراق المستقبل، من دون نعرة طائفية، ولا نزعة عنصرية، ولا عقدة مناطقية، ولا تمييز، ولا اقصاء.

لم يثننا التكفير والارهاب عن ان نمضي قدماً لبناء دولة القانون، ولم توقفنا الطائفية والعنصرية من ان نسير معاً لتعزيز الوحدة الوطنية، وانتهاج سُبُلِ التداول السلمي للسلطة، وتبني اسلوب التوزيع العادل للثروة، ومنح تكافؤ الفرص للجميع.

نحنُ شعبُ العراقِ الناهض توّاً من كبوته، والمتطلع بثقة الى مستقبله من خلال نظامٍ جمهوري اتحادي ديمقراطي تعددي، عَقَدَ العزم برجاله ونسائه، وشيوخه وشبابه، على احترام قواعد القانون، ونبذ سياسة العدوان، والاهتمام بالمرأةِ وحقوقها، والشيخ وهمومه، والطفل وشؤونه، واشاعة ثقافة التنوع، ونزع فتيل الارهاب. نحنُ شعبُ العراق الذي آلى على نفسه بكلِ مكوناته وأطيافه ان يقرر بحريته واختياره الاتحاد بنفسه، وأن يتعظ لغده بأمسه، وأن يسُنَّ من منظومة القيم والمُثُل العليا لرسالات السماء ومن مستجدات علم وحضارة الانسان هذا الدستور الدائم إنّ الالتزام بهذا الدستور يحفظُ للعراق اتحاده الحر شعبا وأرضاً وسيادةً.

**دەروازەی یەكەم : پرنسیپە بنچینەییەكان**

**ماددەی یەکەم** : کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆیە ،خاوەن سەروەرییە ، سیستەمی حوکم تیایدا کۆماری پەرلەمانی دیموکراتی ئیتحادییە .

**مادەەی دووەم :**

یەکەم : ئیسلام ئاینی فەرمی(ڕەسمی) دەوڵەتە و سەرچاوەی بنەڕەتی تەشریعە :

أ/ نابێت یاساییەك دابڕێژدرێت دژی حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام بێت .

ب/ نابێت یاسایەك دابڕێژدرێت دژی پرنسیپەکانی دیموکراتی بێت .

ج/نابێت یاسیەك دابڕێژدرێت دژی ماف و ئازادییە بنەڕەتیەکانی نێو ئەم دەستوورە بێت .

دووەم : ئەم دەستوورە زامنی پارێزگاری لەسەر ناسنامەی ئیسلامەتی زۆربەی گەلانی عێراق دەکات .وەهەروەها زامنی هەموو مافە ئایینیەکانی گشت تاکەکانە لە ئازادی بیروباوەڕو چالاکی ئاینی .

**ماددەی سێیەم** : عێراق ولاَتێکی فرە نەتەوەو ئاین و پەیڕەوە ، بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی و گەلی عەرەب تیایدا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب .

**ماددەی چوارەم :**

یەکەم : زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمی عێراقن ، وە زامنی مافی عێراقییەکان دەکات لە فێرکردنی نەوەکانیان بە زمانی دایك وەکو تورکمانی و سریانی لە دەزگا پەروەردەییە حکومییەکان بەپێی ڕێکخاری ( ضوابط) پەروەردەیی ، یان بەهەر زمانێکی تر لە دەزگا پەروەردەییە تایبەتیەکان .

دووەم : شێوازی زاراوەی زمانی فەرمی دیاری دەکرێت و ، چۆنیەتی پراکتیزە کردنی حوکمەکانی ئەم ماددەیە ئەمانە دەگرێتەوە :

أ/ دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان .

ب/ قسەکردن و ئاڕاستەکردن و تەعبیرکردن لە بوارە فەرمییەکان وەکو ئەنجوومەنی نوێنەران ،ئەنجومەنی وەزیران ،دادگاکان ،کۆنگرە فەرمییەکان بەهەردوو زمان .

ج/ داننان بە دیکۆمێنتە (وثائق) فەرمییەکان و موراسەلات بەهەردوو زمان و دەرکردنی دیکۆمێنتە فەرمییەکان پێیان .

د/کردنەوەی قوتابخانەکان بەهەردوو زمان بەپێی ڕێکخاری پەروەردەیی .

ه/ هەر بوارێکی تر کە پرنسیپی یەکسانی بگرێتەوە ،وەکو دراو و پاسەپۆرت و پوول .

سێیەم :دەزگا و دامەزراوە ئیتحادییەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمان بەکاردێنن .

چوارەم :زمانی تورکمانی و سریانی زمانی فەرمین لەو ناوچانەی کە لێی نیشتەجێن .

پێنجەم : بۆ هەر هەرێمیك یان پارێزگایەك هەیە زمانێکی ناوچەیی بکاتە زمانێکی فەرمی تر ئەگەر زۆربەی دانیشتوانی لە ڕیفراندۆمیکی گشتی دەنگیان بۆ دا .

**ماددەی پێنجەم** : سەروەریی بۆ یاسایە ، گەلیش سەرچاوەی دەسەلاَت و شەرعیەتیەتی . بەهۆی هەڵبژاردنی نهێنی ڕاستەوخۆ پیادەی دەکات لە ڕێگای دەزگا دەستوورییەکانی .

**ماددەی شەشەم** : دەسەلاَت بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەگوازرێتەوە لەڕێگای ئامرازە دیموکراتیەکان کەلەم دەستوورە نووسراوەتەوە .

**ماددەی حەفتەم :**

یەکەم : قەدەغەیە بۆ هەر کیانێك کە تەبەنای پەیڕەوی ڕەگەزپەرستی یان تیرۆریستی یان تەکفیری یان پاکتاوی نەژادی بکات یاخود هاندان یان دەستپێشخەری یان بەپیرۆزراگرتن یا تەرویجی بۆ بکات ،بەتایبەتی پارتی بەعسی سەددامی لە عێراق و پیاوەکانی و لەژێر هەر ناونیشانێکی تر ،کە نابێت لە ژێر چەتری فرەحزبی سیاسی لەعێراق پیادەبکرێت ، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت .

دووەم : پێویستە لەسەر دەوڵەت کە دژایەتی تیرۆر بکات بەهەموو شێوەکانی ، وەکاردەکات لەپێناوی پاراستنی خاکی کە نەبێتە بارەگایەك یا شوێنپێیەك یا گۆڕەپانێك بۆ چالاکیەکانی .

**ماددەی هەشتەم** : عێراق پرنسیپەکانی دراوسێیەتی چاك لەبەر چاو دەگرێت،وە ئیلتزام بە دەست تێوەرنەدان لەکاروباری وڵاتەکانی تر دەکات ، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات بە ئامرازە ئاشتیخوازەکان .وە پەیوەندییەکانی بنیات دەنێت لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی هاوبەش و مامەڵەی وەکو یەك ، رێزیش لە ئیلتزامە نێودەوڵەتیەکان دەگرێت .

**ماددەی نۆیەم :**

یەکەم : أ/هێزەکانی چەکداری عێراقی و دەزگا ئاسایشەکان لە پێکهاتەی گەلانی عێراق پێکدێن کە هاوسەنگی و نوێنەرایەتی لەبەر چاو دەگیرێت بەبێ جیاوازی و دەرکردن ، وە دەکەوێتە ژێر سەرکردایەتی دەسەڵاتی مەدەنی ، بەرگری لە عێراق دەکات و ئامرازێك نابێت بۆ سەرکوتکردنی گەلانی عێراق و دەست لەکاروبارەکانی رامیاری وەرنادات هیچ رۆڵێکیشی نیە لە گواستنەوەی دەسەڵات .

ب/ پێکهێنانی میلیشیای سەربازی لەدەرەوەی بازنەی هێزەکانی چەکداری قەدەغەیە .

ج/ بۆ هێزەکانی چەکداری عێراقی و تاکەکانی نیە لەنێویشیان سەربازە کارکردووەکانی وەزارەتی بەرگری و هەر فەرمانگەیەك یاخود رێکخراوێکی سەربەو وەزارەتە ، خۆبپاڵێون بۆ هەڵبژاردن بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی مەدەنی ، وەنابێت راگەیاندنی هەڵبژاردن بکەن بۆ پاڵێوراوەکانیان و هەر بەشداریکردنێك لەهەر کارێك کە سیستەمەکانی وەزارەتی بەرگری قەدەغەی بکات .ئەم نەشیاوییە چالاکی ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە باسمانکرد پێشتر کە بە سیفەتی کەسی یا وەزیفی ئەنجامی دەدەن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردن بگرێتەوە.

د/ دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراقی هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەڕەشە ئاراستەکراوەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و پێشکەشکردنی راوێژ بۆ حکومەتی عێراقی . لەژێر کۆنترۆڵی مەدەنی دەبێت و دەکەوێتە ژێر چاودێری دەسەڵاتی تەشریعی و بەپێی یاسا کاردەکات و بەگوێرەی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤی دان پیانراو .

ه/ حکومەتی عێراقی رێز لە ئیلتزامەکانی عێراقی نێودەوڵەتی دەگرێت و جێبەجێیان دەکات تایبەت بە قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەو پەرەپێدان و دروست کردن و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کیمیاوی و بایەلۆژی وەهەر کەل و پەل و کەرەستە و تەلنەلۆجیایەك و سیستەمێکی پێگەیاندن تایبەت بە پەرەپێدان و دروست کردن و بەرهەم هێنانیان قەدەغەدەکات .

**ماددەی دەیەم** : شوێنە پیرۆزەکان و مەقامە ئایینیەکان لە عێراق کیانی ئاینی و شارستانین ،دەوڵەت مولتەزیمە لە پاراستنی حورمەتیان ،زامنی مومارەسەکردنی کارەئاینیەکان بەئازادی دەکات .

**ماددەی یازدەم** : بەغدا پایتەختی کۆماری عێراقە .

**ماددەی دوازدەم :**

یەکەم : ئاڵای عێراق و درووشم و سروودی نیشتمانی بە یاسا رێکدەخرێت کە ئاماژە بۆ پێکهاتەکانی گەلانی عێراق بکات .

دووەم : میدیالیاکان و پشووە فەرمیەکان و بۆنە ئاینی و نیشتمانییەکان و رۆژژمێری فەرمی بەیاسا رێکدەخرێن .

**ماددەی سێزدەم :**

یەکەم : ئەم دەستوورە بەیاسای مەزن و باڵا لەعێراق دەژمێردرێت ، مولزەمە تیایدا بەبێ رێزپەڕ( استثناء ) .

دووەم : نابێت یاسایەك دابڕێژرێت کە نەگونجاوبێت لەگەڵ ئەم دەستوورە ، وەهەر دەقێك لە دەستووری هەرێمەکان یاخود هەر دەقێکی یاسایی بەتاڵە ئەگەر لەگەڵ ئەم دەستوورە پێچەوانەبێت .

**دەروازەی دووەم**

**بەشی یەکەم**

**مافەکان**

**یەکەم : مافە مەدەنی و رامیارییەکان**

**ماددەی چواردەم** : عێراقییەکان یەکسانن بەرامبەر یاسا بەبێ جیاوازی بەهۆی رەگەز یان ئەتن یان نەتەوە یان ئەسڵ یان رەنگ یان ئـاین یان مەزهەب یان بیروباوەڕ یان ڕا یان باری ئابووری یان کۆمەڵایەتی .

**ماددەی پازدەم** : هەموو تاکێك مافی ژیان و ئارامی و ئازادی هەیە ، نابێت بێ بەش بکرێت لێی یاخود بەرتەسك بکرێتەوە لێی تەنها بـەپێی یاسا نەبێـت ، لەسەربنەمای بڕیارێکی دەرچوو لەلایەنێکی دادوەریی تایبەتمەند .

**ماددەی شازدەم** : هاوهێزی فرسەتەکان مافێکی زامـن کـراوە بـۆ گـشت عێراقییـەکان ،دەوڵـەتیش بـۆ بـەدیهێنانی ئەمـە رێگـای پێویـست دەگرێتە بەر .

**ماددەی حەڤدەهەم :**

یەکەم : هەموو تاکێك مافی تایبەتمەندی کەسی هەیە کە پێچەوانەی مافی ئەوانی ترو دابی (ئاداب) گشتی نەبێت .

دووەم : پیرۆزی خانەکان(المساكن) پارێزراوە چوونە ژوورەوەو پشکنین و هەڵکوتانـە سـەری قەدەغەیـە تـەنها بـە بڕیـارێکی دادوەریـی نەبێت بەپێی یاسا .

**ماددەی هەژدەم :**

یەکەم : عێراقی ئەو کەسەیە کە لەباوکێکی عێراقی یا دایکێکی عێراقی لەدایك ببێت .

دووەم : رەگەزنامەی عێراقی مافی هەموو عێراقیەکە ، کە بنچینەی هاوڵاتی بوونیەتی .

سێیەم :

أ/ کەواندنی رەگەزنامەی عێراقی لە عێراقی لەدایك بوو قەدەغەیـە بەهـەر هۆیـەك لـە هۆیـەکان ، ئـەو کەسەشـی لێـی کەوانـدرابێت مـافی داواکردنی گەڕاندنەوەی هەیە ،ئەمەش بەیاسا رێکدەخرێت .

ب/رەگەزنامەی عێراقی لە وەرگری دەکێشرێتەوە لەو حاڵەتانەی کە لە یاسا دەدەقێندرێت .

چوارەم : دەشێت عێراقی خاوەن فرەرەگەزنامە بێت (تعدد الجنسيات) ،وە ئەوەی پایەکی سەروەریی یا ئـەمنی بـالا وەربگرێـت پێویـستە واز لە رەگەزنامەکانی تر بێنێت ، ئەمەش بەیاسا رێکدەخرێت .

پێنجەم :رەگەزنامەی عێراقی نابەخشرێت بەمەبەستی سیاسەتی نیشتەجێکردنی دژ بە پێکهاتەی دانیشتوانیی لە عێراق .

شەشەم : حوکمەکانی رەگەزنامە بەیاسا رێکدەخرێن و تەماشاکردنی داواکانی درووست بوو لێی لەلایەن دادگا تایبەتمەندەکان دەبێت .

**ماددەی نۆزدەم :**

یەکەم : قەزا سەربەخۆیە و جگە لەیاسا هیچ سوڵتانێکی لەسەر نیە .

دووەم : تاوان و سزا نیە تەنها بە دەق نەبێت ، وە سزا نیە تەنها لەسەر کردارێك نەبێت کە یاسا کاتی ئەنجامدانی بە تاوانی بژمێرێت . وەنابێت سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە هەبووە جێبەجێ بکرێت .

سێیەم : پەنابردن بۆ دادبینی مافێکی پارێزراو و زامن کراوە بۆ هەمووان .

چوارەم : مافی بەرگریکردن پیرۆزە و زامن کراوە لەگشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردن.

پێنجەم : تۆمەتبار بێتاوانە تا تاوانەکەی دەسەلمێندرێت لە دادگایی کردنێکی یاسـایی و دادپەروەرانـە ، وە تۆمـەتبار دادگـایی ناکرێتـەوە لەسەر هەمان تۆمەت دوای ئازاد کردنی تەنها ئەگەر بەڵگەی نوێ ئاشکرابوون .

شەشەم : هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە مامەڵەیەکی دادپەروەرانەی لەگەڵ بکرێت لەکارە دادوەریی و کارگێڕییەکان .

حەوتەم : دانیشتنی دادگاکان ئاشکران ، تەنها ئەگەر دادگا بڕیاری بەنهێنی بوونی دا .

**هەشتەم** : سزا کەسی‌یە .

نۆیەم : یاساکان پێشینەیان نی‌یە ئەگەر دەقێك پێچەوانەی ئەوە نەبێت ،ئەم ڕێزپەڕە یاساکانی باج و رسومات ناگرێتەوە .

دەیەم : یاسای جەزائی بە پێشینە جێبەجێ ناکرێت تەنها ئەگەر باشتربوو بۆ تۆمەتبار .

یازدەم : دادگا پارێزەرێك دادەنێت بۆ بەرگری کردن لە تۆمەتبارێك لە جینایەتێك یا کەتنێك کە پارێزەری نەبێت بەرگری لێبکات ، لەسەر خەرجی دەوڵەت .

دوازدەم :

أ/دەست بەسەراگرتن قەدەغەیە .

ب/دەست بەسەرداگرتن و ڕاگرتن قەدەغەیە جگە لەشوێنە تایبەتەکان بۆ ئەم مەبەستە ئەمەش بەگوێرەی یاساکانی بەندیخانەی دابین کراو لە چاودێری تەندروستیی و کۆمەڵایەتی ژێر دەسەڵاتەکانی دەوڵەت .

سێزدەم : پەڕاوی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەخرێتە بەردەم دادوەری تایبەتمەند لەماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە بیست و چوار کاتژمێر لە گرتنی تۆمەتبار وەنابێت ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە لەجارێك زیاتر بەهەمان ماوە .

**ماددەی بیستەم** : هاوڵاتیان بەپیاوان و ئافرەتان مافی بەشداری‌کردنی کاروباری گشتیان هەیە ، وە مافی ڕامیاریان هەیە لەمانەش مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپالأوتن .

**ماددەی بیست یەکەم :**

یەکەم : قەدەغەیە عێراقی تەسلیم بە لایەنی بیانی بکرێتەوە .

دووەم : مافی پەناهەندەیی ڕامیاری ڕێکدەخرێت بۆ عێراق بە یاسا ، وە نابێت پەناهەندەی سیاسی تەسلیم بە لایەنی بیانی بکرێت ، یان گەڕاندنەوەی بەناچاری بۆ ئەو وڵاتەی کەلێی ڕایکردووە .

سێیەم : مافی پەناهەندەیی سیاسی نابەخشرێتە تۆمەتبار بە ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی ، یا تیرۆریستی ،یان هەر کەسێك کە زیانی بە عێراق گەیاندبێت .

**دووەم : مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان**

**ماددەی بیست و دوو :**

یەکەم : کارکردن مافی هەموو عێراقیەکە کە ژامنی ژیانێکی بەختەوەریان بۆ بکات .

دووەم : یاسا پەیوەندی نێوان کرێکارەکان و خاوەن کارەکان دادەنێت لەسەر بنەمای ئابووری ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەماکانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی .

سێ یەم : دەوڵەت گرەنتی پێکهێنانی سەندیکا و یەکێتیە پیشەییەکان دەدات ، لەگەڵ ئینتما کردن بۆیان ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت .

**ماددەی بیست و سێ :**

یەکەم : موڵکیەتی تایبەت پارێزراوە وە مافی خاوەن موڵکە کە سوود و ئیستغلال و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات بەپێی یاسا .

دووەم : نابێت موڵکیەت وەربگیرێتەوە تەنها بۆ مەبەستی سوودی گشتی نەبێت ئەمەش بەرامبەر قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانە دەبێت کە ئەمەش بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت .

سێیەم :

أ/عێراقی مافی موڵکیەتی هەیە لەهەر شوێنێك لە عێراق ، وە بۆ غەیری ئەو نیيە تەمەلوکی غەیری گوازراوە بکات تـەنها ئەوانـەی ڕێزپـەڕ دەکرێن بەیاسا .

ب/ موڵکیەت قەدەغەیە بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیا .

**مـاددەی بیـست و چـوار** :دەوڵـەت زامنـی ئـازادی گواسـتنەوەی کرێکـارو شـتوومەك و سـەرمایەی عێراقـی دەکـات لـەنێوان هەرێمـەکان و پارێزگاکان .ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت .

**ماددەی بیست و پێنج** : دەوڵەت زامنی چاکسازی ئابووری عێراقی دەکات لەسەر بنەمای ئـابووری مـۆدێرن کـە زامنـی وەبـەرهێنانی گـشت کەرەستەکان و جۆرایەتی سەرچاوەکانی و هاندانی کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی بکات .

**ماددەی بیست و شەش** : دەوڵەت زامنی هاندانی وەبەرهێنان دەکات لەگشت کەرتە جیاوازەکان ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت .

**ماددەی بیست حەوت** :

یەکەم : موڵکی گشتی پیرۆزیی هەیە ، پاراستنی ئەرکی هەموو هاولاتیەکە .

دووەم : ئەحکامەکانی تایبەت بە پاراستنی موڵکی گشتی و ئیدارەکردنی و مەرجەکانی هەڵسوکەوت پێکردنی و سنوورەکانی کە وازهێنان لێی قەدەغەیە بە یاسا ڕێکدەخرێن .

**ماددەی بیست و هەشت** :

یەکەم : باجەکان و ڕەسمەکان و هەموارکردنیان و وەرگرتنیان و لێخۆشبوونیان تەنها بەیاسا دەبێت .

دووەم : خاوەن دەرامەتە نزمەکان لە باج دەبەخشرێن بۆ ئەوەی زیان بە نـزمترین سـنووری ژیانیـان نـەگات کـە تیایـدا دەژیـن ، ئەمـەش بەیاسا ڕێکدەخرێـت .

**ماددەی بیست و نۆ** :

یەکەم :

أ/ خێزان بنچینەی کۆمەڵگایە ، دەوڵەتیش کیان و بەهای ئاینی و ئەخلاقی و نیشتمانی دەپارێزێت .

ب//دەوڵـەت زامنـی پاراسـتنی دایکایـەتی و منـداڵی و پـیری دەکـات ، وە چـاودێری و هـەرزەکارو لاوان دەکـات و بـواری گونجاویـان بـۆ دەڕەخسێنێت بۆ پەرەپێدانی توانا و لێهاتوویان .

دووەم : مافی منداڵ لەسەر باوکەکانیانە لە پەروەردە و چاودێری و فێرکردن ، وە باوکەکان مافیان لەسە ر منداڵەکان هەیـە لـە ڕێزگـرتن و چاودێری بەتایبەت لە حاڵەتەکانی پێویستی و نەتوانین و پیری .

سێیەم : ئیستغلال کردنی ئابووری منداڵ قەدەغەیە بەهەموو شێوەیەك ، دەوڵەتیش ڕێگای گرەنتی دەگرێتەبەر بۆ پاراستنی .

چوارەم : شێوازەکانی توندوتیژی و ڕەمەکی قەدەغەیە لە خێزان و قوتابخانەو کۆمەڵگا .

**ماددەی سی** :

یەکەم : دەوڵەت زامنی تاك و خێزانە بە تایبەت منداڵ و ئافرەت لە دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی و تەندروسـتیی ، وە بنـەما بنـچینەیەکان بـۆ ژیانێکی بەختەوەر ، کە دەرامەتێکی گونجاویان بۆ دابین بکات لەگەڵ نیشتەجێبوونێکی ئارام .

دووەم : دەوڵەت زامنی دەستەبەریی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ عێراقییەکان لە حاڵەتەکانی پیری یان نەخۆشی یان نـەتوانینی کـارکردن یـان هەتیوبوون یان بێکاری .هەروەرها خزمەتگوزاری دابین کردنی کۆمەڵایەتیان بۆ دەکات ، وەکاردەکات لەپێناو پاراستنیان لە نەخوێندەواری و ترس و ، وە شوێن و سیستەمی تایبەتیان بۆ دابین دەکات بۆ شیاندن و چاودێری کردنیان ، ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت .

**ماددەی سیو یەك** :

یەکەم : هەموو عێراقیەك مافی چاودێری کردنی تەندروستیی هەیە ،دەوڵەتیش گرنگی بە تەندروستیی گشتی دەدات ، وە زامنی ئامرازەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن دەکات بەهۆی دروست کردنی نەخۆشخانەو دامەزراوە تەندروستییەیە جۆربەجۆرەکان .

دووەم : بۆ تاکەکان و دەستەکان هەیە نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی ئەهلی بکەنەوە لەژێر سەرپەرشیاری دەوڵەت ، ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت .

**ماددەی سی و دوو** : دەوڵەت چاودێری و پەککەوتەو خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان دەکات و زامنی شیاندنیانە بۆ تێکەڵاوکردنیان لە کۆمەڵگا ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت .

**ماددەی سی و سێ :**

یەکەم : هەموو تاکێك مافی ژیانی هەیە لە ژینگەیەکی تەندروست .

دووەم : دەوڵەت زامنی پاراستنی ژینگە و جۆرایەتی زیندەگی و پاراستنیان دەکات .

**ماددەی سی و چوار :**

یەکەم : فێرکردن هۆکارێکی بنچینەییە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و مافێکە دەوڵەت زامنی دەکات ،وە ئیلزامیە لە قۆناغی سەرەتایی و دەوڵەت زامنی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەکات .

دووەم : فێرکردنی بەخۆڕایی مافی هەموو عێراقیەکە لەگشت قۆناغەکانی خوێندنی .

سێیەم : دەوڵەت هانی لێکۆڵینەوەی زانستی دەدات بۆ مەبەستی ئاشتییانە کە خزمەتی مرۆڤایەتی بکات ، وە چاودێری زیرەکی و ئەفراندن و داهێنان و گشت دیاردە برەوکارییەکان دەکات .

چوارەم : فێرکردنی تایبەت و ئەهلی زامن کراوە و بەیاسا ڕێکدەخرێت .

**بەشی دووەم**

**ئازادییەکان**

**ماددەی سی و پێنج :**

یەکەم :

أ/ ئازادی مرۆڤ و کەرامەتی پارێزراوە .

ب/نابێت هیچ کەسێك ڕابگیرێت یا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت تەنها بە گوێرەی بڕیارێکی دادوەریی نەبێت .

ج/ هەموو جۆرە ئازاردانێکی دەروونی و جەستەیی و مامەڵەکردنێکی نامرۆڤانە قەدەغەیە ، دانپیانانێك وەرناگیرێت کە بەزۆری وەرگیرابێت یا بەهەڕەشە یان بە ئازاردان ،وەبۆ زەرەرمەند هەیە کە داوای قەرەبووکردنەوە بکات بەهۆی ئەو زەرەرە ماددی و مەعنەوییەی پێی کەوتووە، بەپێی یاسا .

دووەم : دەوڵەت زامنی تاك دەکات لە بەزۆری بیرو سیاسی و ئاینی ، وە گرتن لەسەر ئەو بنەمایە قەدەغەیە .

سێیەم : کارکردنی بەزۆری (سخرە) و عەبدایەتی و بازرگانی کۆیلە قەدەغەیە ، وەنابێت بازرگانی بە ئافرەت و منداڵ و سێکس بکرێت .

**ماددەی سی و شەش** : دەوڵەت زامنی ئەمانە دەکات (بەجۆرێك پێچەوانەی داب و نەریتی گشتی نەبێت ) :

یەکەم : ئازادی دەربڕینی ڕا بەگشت شێوەکانی .

دووەم : ئازادی ڕۆژنامەگەری وچاپ کردن و ڕێکلام و ڕاگەیاندن و بلاَوکردنەوە .

سێیەم : ئازادی کۆبوونەوەو ڕێپێوانی ئاشتیانە بەیاسا ڕێکدەخرێت .

**ماددەی سی و حەوت :**

یەکەم : ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵەو پارتە سیاسیەکان و ئینتماکردن بۆیان زامن کراوە،ئەمەش بەیاسا رێکدەخرێت .

دووەم : نابێت کەس ناچار بکرێت بۆ ئینتماکردنی بۆ پارتێك یا کۆمەڵەیەك یا لایەنێکی سیاسی یا ناچارکردنی لەسەر بەردەوام بوون تیایدا .

**ماددەی سی و هەشت :**

ئازادی پەیوەندی پێوەکردن و نامەگۆڕینەوە و برووسکەو تەلەفۆنی و ئەلەکترۆنی و هی تر زامن کراوە ، سانسۆری و گوێ شلکردن قەدەغەیە یان ئاشکراکردنی تەنیا بۆ پێویستی‌یەکی یاسایی یا ئەمنی نەبێت بەپێی بریارێکی دادوەریی .

**ماددەی سی و نۆ:** عێراقیەکان ئازادن لە باری کەسیان بەپێی ئاینزایەتیان یاخود مەزهەبیان یان بیروباوەریان یان هەلبـژاردنیان ئەمەش بەیاسا رێکدەخرێت .

**ماددەی چل :** هەر تاکێك ئازادی بیرو ویژدانی هەیە .

**ماددەی چل و یەك :** یەکەم : پێڕەوکردنی هەر ئاینێك یان مەزهەبێك ئازادە لە :

أ/ پراکتیك کردنی رێوڕەسمی ئاینی لەوانەش رێوڕەسمی حوسەینی .

ب/ ئیدارەکردنی ئەوقاف و کاروبارەکانی و داو ودەزگاکانی کە ئەمەش بەیاسا رێکدەخرێت .

دووەم : دەولەت زامنی ئازادی عیبادەت و پاراستنی شوێنگەکانی دەکات

**ماددەی چل و دوو :**

یەکەم : عێراقی ئازادی گواستنەوەو گەشت و نشینگەی هەیە لەناو عێراق و دەرەوەی .

دووەم : نابێت عێراقی دووربخرێتەوە یان بێ بەش بکرێت لە گەڕانەوە بۆ نیشتمان .

**ماددەی چل و سێ :**

یەکەم : دەولەت دەبێت سووربێت لەسەر بەهێزکردنی رۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی ،پشتگیری کردنی و گەشەپێدانی و سەربەخۆیی،کە بگونجێت لەگەڵ ئامرازە ئاشتیخوازەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە رەواکانی ، ئەمەش بەیاسا رێکدەخرێت .

دووەم : دەولەت سووردەبێت لەسەر بەووریاکردنی تیرەکان و عەشیرەتەکانی عێراقی و گرنگی بەکاروبارەکانیان دەدات کە بگونجێت لەگەڵ ئاین و یاساو بەها مرۆڤایەتیە خانەدانەکان کە رۆڵی هەبێت لەگەشەپێدانی کۆمەلگا، وە دابە عەشیرەتیەکانیش قەدەغەدەکرێت کەلەگەڵ مافەکانی مرۆڤ یەك ناگرێتەوە .

**ماددەی چل و چوار :** بۆ هەموو تاکەکان هەیە کە سوود لە گشت مافەکانی نێو رێکەوتننامە و پەیمانە نێودەولەتیە پەیوەست بەمافەکانی مرۆڤ وەربگرن کە عێراق پەسەندی دەکات ،کە لەگەڵ پرنسیپ و حوکمەکانی ئەم دەستوورە پێچەوانە نین .

**ماددەی چل و پێنج :** بەرتەسك کردنەوەی پراکتیك کردنی هەر ماف و ئازادی‌یەکی نێو ئەم دەستوورە یان دیاری کردنی تەنها بەیاسا یا لەسەر بنەمای یاسا دەبێت ، بەجۆرێك ئەم بەرتەسك کردنەوەیە یا دیاری کردنە کاریگەری نەبێت لەسەر ناوەڕۆکی مافەکە یان ئازادی‌یەکە.

**دەروازەی سێیەم**

**دەسەلاتەکانی ئیتحادی**

**ماددەی چل و شەش :** دەسەلاتەکانی ئیتحادی لە دەسەلاتەکانی تەشریعی و جێبەجێکردن و دادوەریی پێك دێت ،پراکتیکی پسپۆریەتی و کارەکانی لەسەر بنچینەی پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان دەکات .

**بەشی یەکەم**

**دەسەلأتی تەشریعی**

**ماددەی چل و حەوت :** دەسەلأتی تەشریعی ئیتحادی لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی ئیتحاد پێك دێت .

**یەکەم : ئەنجومەنی نوێنەران**

**ماددەی چل و هەشت :**

یەکەم : ئەنجومەنی نوێنەران لە کۆمەلێك ئەندام پێك دێت بەرێژەی هەر کورسیەك بۆ سەد هەزار کەس لە دانیشتوانی عێراق کە نوێنەرایەتی گەلانی عێراق دەکەن بەگشتی ،لە رێگای هەلبژاردنی گشتی نهێنی راستەوخۆ هەلدەبژێردرێن ، کە رەچاوی گشت پێکهاتەکانی عێراقی تێدادەکرێت ،

دووەم : پالێوراوی ئەندامیەتی ئەنجومەنی نوێنەران مەرجە عێراقی بێت و خاوەن شیانی تەواو بێت (کامل الاهلیه ) .

سێیەم : مەرجەکانی پالێوراو و دەنگدەر هەرچی پەیوەنداره به هەلبژاردن به یاسا رێکدەخرێت .

چوارەم : ئەنجوومەنی نوێنەران یاسایەك دەردەکات کە چارەسەری حالەتەکانی گۆرینی ئەندامەکانی لەکاتی دەست لەکارکێشانەوه یان لادان یان مردن بکات .

پێنجەم : نابێت ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لەهەمان کاتدا کارێکی تر یان پایەکی تری فەرمی هەبێت .

**ماددەی چل ونۆ :**

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران سوێندی دەستووری بەرامبەر ئەنجوومەن پێش دەست بەکاربوونی بەم شێوەیە دەخوات (( اقسم بالله العلی العظیم ان اؤدي مهماتی ومسؤولیاتی القانونیة بتفان واخلاص علی استقلال العراق وسیادته ، وارعی مصالح شعبه واسهر علی سلامة ارضه وسمائه ومیاهه وثرواته ونظامه الدیمقراطي الاتحادي وان اعمل علی صیانة الحریات العامة والخاصة واستقلال القضاء والتزم بتطبیق التشریعات بامانة وحیاد ، ولله علی ما اقول شهید)) .

**ماددەی پەنجا :** ئەنجوومەنی نوێنەران پەیرەوێکی ناوخۆ بۆ رێکخستنی کارەکانی دادەنێت .

**ماددەی پەنجاو یەك :**

یەکەم : ئەنجوومەنی نوێنەران لە دروستی ئەندامیەتی ئەندامەکانی رادەمێنێت لەماوەی سی رۆژ لە رێکەوتی تۆمارکردنی پێشبرِی (الاعتراض) ، بەزۆرینەی دوولەسەر سێی ئەندامەکانی .

دووەم : دەکرێت تانه لە بریاری ئەنجوومەن بدرێت بەرامبەر دادگای ئیتحادی بالاّ لەماوەی سی رۆژ لە رێکەوتی دەرچوونی .

**ماددەی پەنجاو دوو :**

یەکەم : دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران ئاشکرایە ، تەنها لەبەر پێویستی ئەگەر پێچەوانەی ئەوە دیترا .

دووەم : کۆنووسی دانیشتنەکان بلأودەکرێتەوە بەو شێوازانەی کە ئەنجوومەن بەگونجاوی دەبینێت .

**ماددەی پەنجاو سێ :** سەرۆکی کۆمار بانگهێشتی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات بۆ دانیشتن بە مەرسومێکی کۆماری لەماوەی پانزە رۆژ لە رێکەوتی پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەلبژاردنی گشتی ،دانیشتنەکەش بەسەرۆکایەتی گەورەترین ئەندام لەرووی تەمەنەوە بەرێوەدەچێت بۆ هەلبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەن و هەردوو جێگرەکەی ، نابێت ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە زیاتر لەماوەی باسکراو .

**ماددەی پەنجاو چوار :** ئەنجوومەنی نوێنەران لەیەکەم دانیشتنی خۆی سەرۆکێك هەلدەبژێرێت ،پاشان جێگری یەکەمی و دووەمی بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجوومەن بە هەلبژاردنێکی نهێنی راستەوخۆ .

**ماددەی پەنجاو پێنج :**

یەكەم : ماوەی خولی ئەنجوومەنی نوێنەران چوارساڵی ڕۆژمێری دەبێت ، كەلەیەكەم دانیشتن دەست پـێ دەكـات ، وە كۆتـایی دێـت بـە كۆتایی ساڵی چوارەم .

دووەم : هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی نوێ دەست پێ دەكات پێش چل و پێنج ڕۆژ لە ڕێكەوتی تەواو بوونی خولی باسكراو .

**ماددەی پەنجاو شەش** : ئەنجوومەنی نوێنەران دانیشتنی ساڵانەی هەیـە بـە دوو وەرزی تەشـریعی ماوەیەكـەیان هەشـت مانگـە ،پـەیڕەوی ناوخۆ چۆنیەتی دانیشتنەكانی ڕێكدەخات ، وەرزی بەستران تەواو نابێت كە بودجـەی گـشتی تێدا گفتوگۆبكرێـت تـەنها دوای ڕەزامەنـدی نیشاندان نەبێت لەسەری .

**ماددەی پەنجاو حەفت :**

یەكەم : بۆ سەرۆكی كۆمار یان سەرۆكی وەزیران یان سەرۆكی ئەنجوومەنی نوێنەران یان پەنجا ئەندامی ئەنجوومـەنی نوێنـەران هەیـە كـە داوای بەستانی دانیشتنێكی نائاسایی بكەن ، كۆبوونەوەكەش تایبەت دەبێت بەو بابەتانەی كە بانگهێشتی بۆ كراوە .

دووەم : وەرزی تەشریعی بۆ خولی بەستانی ئەنجوومەنی نوێنەران درێژدەكرێتەوە بەمەرجێك لە سی ڕۆژ تێپەڕنەكات ، بۆ ئەنجامـدانی ئـەو كارانـەی كـە پێویـستە ، لەسـەر داوای سـەرۆكی كۆمـار یـان سـەرەك وەزیـران یـان سـەرۆكی ئەنجوومـەنی نوێنـەران یـان پـەنجا ئەنـدامی ئەنجوومەنی نوێنەران .

**ماددەی پەنجاو هەشت :**

یەكەم : ڕادەی بەستانی دانیشتنەكانی ئەنجومەنی نوێنەران بەدی دێت بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامەكانی .

دووەم : بڕیارەكان لە دانیشتنەكانی ئەنجوومەنی نوێنـەران بـە زۆرینـەی سـاكار دەدرێـت ئەگـەر بڕیارەكـان پێـچەوانەی ئـەوەیان ئامـاژە پێنەكردبێت .

**ماددەی پەنجاو نۆ :**

ئەنجوومەنی نوێنەران تایبەتمەندە بەمانە :

یەكەم : داڕشتنی یاساكانی ئیتحادی .

دووەم :

أ/ تەماشاكردنی پێشنیاری یاساكانی پێشكەشكراو لەلایەن دە ئەندامی ئەنجوومەن یان لەلایەن یەكێك لە لیژنەكانی .

ب/ تەماشاكردنی پڕۆژەی یاسا پێشنیاركراوەكان لەلایەن سەرۆكی كۆمار یان ئەنجوومەنی وەزیران .

سێیەم : چاودێری لەسەر بەجێ هێنانی كارەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن .

چوارەم : بەیاسا پرۆسەی پەسەندكردن لەسەر پەیمان و ڕێكەوتننامە نێودەوڵەتیەكان ڕێكدەخات بە زۆرینـەی دوولەسـەر سـێی ئەنـدامانی ئەنجوومەن .

پێنجەم : ڕەزامەندی نیشاندان لەسەر دامەزراندنی هەریەك لە :

أ/ سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییزی ئیتحادی و سەرۆكی داواكاری گشتی و سـەرۆكی دەسـتەی سەرپەرشـتی دادوەریـی و بـە زۆرینـەی ڕەها ، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دادوەریی باڵا .

ب/ باڵیۆزەكان و خاوەن پلە تایبەتیەكان بە پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران .

ج/ سەرۆك ئەركانی سـوپا و هـەردوو یاریدەدەرەكـەی ، وە پلـەی فەرمانـدەی فرقـەو سـەرووتر ، وە سـەرۆكی دەزگـای هـەواڵگری لەسـەر پێشنیاری ئەنجوومەنی وەزیران .

شەشەم :

أ/ لێپرسینەوەی سەرۆكی كۆمار لەسەر داواكارییەكی بەهۆ ،بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران .

ب/ لەکارلابردنی سەرۆکی کۆمار بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران ، دوای تۆمەتبارکردنی لەلایەن دادگای ئیتحادی باڵا لەو حاڵەتانەی خوارەوە :

1. پاشگەزبوونەوە لەسوێندی دەستووری .
2. پێشێلکردنی دەستوور .
3. خیانەتی گەورە .

حەوتەم :

أ/ بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە کە پرسیار ئاڕاستەی سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکات لەهەر بابەتێك کە بچێتە پسپۆڕیەتیان وە بۆ هەریەکەیان هەیە کە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە ، وە تەنها بۆ پرسیارکەر هەیە کە بەدواداچوونی هەبێت بۆ وەڵامدانەوە .

ب/ بۆ بیست و پێنج ئەندامی ئەنجوومەن هەیە بەلای کەمەوە کە بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ بوروژێنن بۆ ڕوونکردنەوەی سیاسەت و پراکتیکی بەجێهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران یان یەکێك لە وەزارەتەکان ، کە پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکرێت ، وە سەرەك وەزیران یان وەزیرەکان وادەیەك دادەنێت بۆ ئامادەبوون بەرامبەر ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ گفتوگۆکردن .

ج/ بۆ ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە بە ڕەزامەندی بیست و پێنج ئەندام کە داوای وەڵامانەوە(استجواب) لە سەرەك وەزیران یان وەزیرەکان بکات بۆ لێپرسینەوەیان لەو کاروبارانەی کە دەچێتە بواری پسپۆڕیەتیان ،وە گفتوگۆ ئەنجام نادرێت لە داوای وەڵامدانەوەکە تەنها دوای حەوت ڕۆژ بەلای کەمی لە پێشکەش کردنی .

هەشتەم :

أ/ بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە کە متمانە بکێشێتەوە لە یەکێك لە وەزیرەکان بە زۆرینەی ڕەها و بەدوورخراوە دەژمێردێت لە ڕێکەوتی کێشانەوەی متمانە ، وە نابێت بابەتی متمانەپێکردنەوەی بوروژێندرێت تەنها لەسەر ئارەزووی خۆی یان داواکاریەکی واژۆکراو لەلایەن پەنجا ئەندام نەبێت ،بەهۆی گفتۆگۆکردنی داوای وەڵامدانەوەی ئاڕاستەکراو ، ئەنجوومەنیش بڕیار لە داواکاریەکە دەرناکات تەنها دوای حەوت ڕۆژ بەلای کەمیەوە نەبێت لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی .

ب/

1. بۆ سەرۆکی کۆمار هەیە کە داواکارییەك پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران بکات بە کێشانەوەی متمانە لە سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران .
2. بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە لەسەر داوای یەك لەسەر پێنجی ئەندامەکانی کێشانەوەی متمانە لە سەرەك وەزیران بکات ، ئەم داواکارییەش نابێت پێشکەش بکرێت تەنها دوای ئاڕاستەکردنی داواکاری وەڵامدانەوە بۆ سەرەك وەزیران و دوای حەوت ڕۆژ بەلای کەمیەوە لە پێشکەش کردنی داواکارییەکە .
3. ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیاری کێشانەوەی متمانە لە سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران دەدات بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی .

ج/ وەزارەت هەڵدەوشێتەوە بە کێشانەوەی متمانە لە سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران .

د/ لەکاتی دەنگدان بە کێشانەوەی متمانە لە ئەنجوومەنی وەزیران بەتەواوەتی ،سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان بەردەوام دەبن لە پایەکانیان بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری ڕۆژانە بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە سی ڕۆژ تا پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانی تازە .

هـ/ بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە کە داوای وەڵامدانەوە لە بەرپرسی دەستەکانی سەربەخۆ بکات وەکو وەکو ئیجرائەتەکانی بەرامبەر وەزیرەکان و وەبۆی هەیە لایانبدات بە زۆرینەی ڕەها .

نۆیەم :

أ/ ڕەزامەندی نواندن لەسەر ئیعلانکردنی جەنگ و حاڵەتی لەناکاو بەزۆرینەی دوولەسەر سێ لەسەر داوای هاوبەشی سەرۆك کۆمارو سەرەك وەزیران .

ب/ ئیعلانکردنی حاڵەتی لەناکاو بۆماوەی سی ڕۆژ و درێژکردنەوەی هەرجارێکی بە ڕەزامەندی .

ج/ تەخویل کردنی سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران بە دەسەلاَتەکانی پێویست بۆ ئـەوەی بتوانێـت کاروبارەکـانی ولاَت ڕابپـەڕێنێت لـەماوەی ئیعلانکردنی جەنگ و حاڵەتی لەناکاو ئەم دەسەلاَتانەش بەیاسا ڕێکدەخرێت ، کە بەرکەوتنی لەگەڵ دەستوور نەبێت .

د/ سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران ڕێگا گرتنەبەرەکانی و ئەنجامەکانی دەخاتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران لەماوەی پـانزە ڕۆژ لـە کۆتـایی هاتنی .

**ماددەی شەست :**

یەکەم : ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەی یاسای بودجەی گشتی و ژمێرکاری کۆتایی دەخاتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ پەسـەنکردنی .

دووەم : بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە کە کاری موناقەلە بکات لەنێوان دەروازەو بەشەکانی بودجەی گشتی ، کۆی بڕەکان کەم بکاتـەوە ، وە لەکاتی پێویست بۆی هەیە کە پێشنیار بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بکات بە زیادکردنی کۆی بڕی خەرجییەکان .

**ماددەی شەست و یەك :**

یەکەم : ماف و ئیمتیازەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و هەردوو جێگرەکەی و ئەندامەکانی ئەنجوومەن بە یاسا دیاری دەکرێت .

دووەم :

أ/ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران حەسانەی هەیە بۆ ئەو ڕایانەی دەریدەبڕێت لە کاتی خولی بەستان ڕووبەڕووی دادگـایی کـردن نابێتـەوە بەرامبەر دادگاکان بەرامبەر ئەمە .

ب/ نابێـت ئەنـدام دەسـتگیربکرێت لـەماوەی وەرزیـی تەشـریعی تـەنها ئەگـەر تۆمـەتباربوو بـە جینایـەت ،وە بەڕەزامەنـدی ئەندامـەکان بەزۆرینەی ڕەها حەسانەی لەسەر هەڵدەگیرێت یان ئەگەر موتەلەبیس گیرا لە تاوانێکی بینراو لە جینایەتێك .

ج/ نابێت ئەندام دەستگیربکرێت لەدەرەوەی ماوەی وەرزی تەشریعی تەنها ئەگەر تۆمەتباربوو بـە جینایـەتێك ، وە بەڕەزامەنـدی سـەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران حەسانەی لەسەر هەڵدەگیرێت ، یان ئەگەر موتەلەبیس گیرا لە تاوانێکی بینراو لە جینایەتێك .

**ماددەی شەست و دوو :**

یەکەم : ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵدەوەشێتەوە بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامەکانی ، لەسەر داواکاری سـێیەکی ئەندامـەکانی ، یـان بە داواکاریی سـەرۆکی ئەنجوومـەنی وەزیـران بـە ڕەزامەنـدی سـەرۆکی کۆمـار ، وە نابێـت ئەنجوومـەن هەڵبوەشـێنرێتەوە لـەکاتی مـاوەی داواکاری وەلاَمدانەوەی سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران .

دووەم : سەرۆکی کۆمار لە کاتی هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی نوێنـەران بانگهێـشتی هەڵبـژاردنێکی گـشتی دەکـات لـە ولاَت لەماوەیـەك کـە زیاتر نەبێت لە شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەڵوەشانەوە ، ئەنجوومەنی وەزیرانیش لەو کاتە بە دەسـت لەکارکێـشوو دەژمێردرێـت و بـەردەوام دەبێت لە ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەکانی .

**دووەم : ئەنجوومەنی ئیتحاد**

**ماددەی شەست و سێ :** ئەنجومەنێکی تەشریعی پێك دەهێنرێت بەناوی ( ئەنجوومـەنی ئیتحـاد) کـە نوێنـەرانی هەرێمـەکان و پارێزگاکـانی دەرەوەی هەرێمەکان لەخۆدەگرێـت، پێك هێنانی و مەرجەکانی ئەنـدام بـوون تیایـداو پـسپۆڕیەتی و هـەر کـارێکی پەیوەنـدارپێی بـە یاسـا دادەڕێژرێت لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران .

**بەشی دووەم : دەسەلاَتی جێبەجێکردن**

**مـاددەی شەسـت و چـوار :** دەسـەلاَتی جێبـەجێکردنی ئیتحـادی لـە لـە سـەرۆکی کۆمـارو ئەنجوومـەنی وەزیـران پێـك دێـت ، پراکتیکـی دەسەلاَتەکانی بەپێی دەستوورو یاسا دەکات .

**یەکەم : سەرۆکی کۆمار**

**ماددەی شەست و پێنج :** سەرۆکی و کۆمار سەرۆکی دەوڵەتە و ڕەمزی یەکێتی نیشتمانە و خودان سەروەریی ولاَتە ،هـەوڵی زامنـی ئیلتـزام کردن بە دەستوور دەدات و پارێزگاری لە سەربەخۆیی عێراق و سەروەریی و یەکپارچەیی و پاراستنی خاکەکەی دەکات بەپێی حوکمـەکانی دەستوور .

**ماددەی شەست و شەش :** دەبێت پالێوراوی سەرۆکی کۆمار ئەم مەرجانەی تێدابێت :

یەکەم : عێراقی بێت بە لەدایك بوون لە دایك و باوکێکی عێراقی .

دووەم :خاوەن شیانی تەواو بێت چل ساڵی تەمەنیشی تەواو کردبێـت .

سێیەم : خاوەن سـومعەیەکی چـاك و شـارەزاییەکی سیاسـی پەنجەبۆدرێـژکراوبێت لـە پـاکی و ڕاسـتی و دادپـەروەریی و دڵسۆزی بـۆ نیشتمان .

چوارەم : حوکم نەدرابێت بە تاوانێکی ئابڕووبەر .

**ماددەی شەست و حەوت :**

یەکەم : بەیاسا خۆپالاَوتن بۆ پایەی سەرۆکی کۆمار ڕێکدەخرێت .

**ماددەی شەست و هەشت :**

یەکەم : ئەنجوومەنی نوێنەران لـەنێوان پـالێوراوان بـۆ سـەرۆکی کۆمـار یـەکێکیان هەڵدەبـژێرێت بـە زۆرینـەی دوولەسـەر سـێی ژمـارەی ئەندامانی .

دووەم : ئەگەر هیچ لە پالێوراوەکان زۆرینەی داواکراوی نەهێنا پێشبرکێ دەکەوێتە نێوان ئەو پالێوراوانەی کە زۆرترین دەنگیـان هێنـاوە و ئەو کەسە دەبێتە سەرۆك کە زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنی دووەم بەدەست بهێنێت .

**ماددەی شەست و نۆ :** سەرۆکی کۆمار سوێندی دەستووری بەرامبەر ئەنجوومەنی نوێنەران دەخوات بەهەمان شـێوازی ئامـاژە پێکـراو لـە ماددەی (49) ی دەستوور .

**ماددەی حەفتا :**

یەکەم : ویلایەتی سەرۆك کۆمار بە چوار ساڵ دیاری دەکرێـت و دەکرێت تەنها بۆ دووەم جار هەڵبژێردرێتەوە .

دووەم : أ/ ماوەی سەرۆك کۆمار کۆتایی دێت بە تەواوبوونی ماوەی ئەنجوومەنی نوێنەران .

ب/ سەرۆکی کۆمار بەردەوام دەبێت لە مومارەسەکردنی کارەکانی تـا کۆتـایی هـاتنی هەڵبـژاردنی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی نـوێ و کۆبوونەوەی ، کە سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت بۆ کۆمار لەماوەی سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی یەکەم بەستانی .

ج/ لەکاتی بەتاڵ بوونی پایەی سەرۆکی کۆمار بەهەر هۆیەك بێت ، سـەرۆکێکی نـوێ هەڵدەبـژێردرێت بـۆ تـەواوکردنی کـاتی مـاوەی ویلایەتی سەرۆك کۆمار .

**ماددەی حەفتاو یەك :** سەرۆکی کۆمار ئەم دەسەلاَتانەی هەیە :

یەکەم : دەرکردنی لێبووردنی تایبەتی بە ڕاسپاردەی سەرەك ئەنجوومەنی وەزیـران بەڕێزپـەڕکردنی حاڵـەتی تایبـەت بـە مـافی تایبـەت و مەحکوم کراوان بە کرداری تاوانی نێودەوڵەتی و تیرۆریستی و گەندەڵی دارایی و ئابووری .

دووەم : پەسەندکردنی پەیمان و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی ، دوای ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران ، وە بە پەسەندکراو دادەنرێت .

سێیەم : ئەو یاسایانە پەسەندو دەردەکات کە ئەنجوومەنی نوێنەران دایاندەڕێژێت ، وە بەپەسەندکراو دادەنرێت دوای تێپەڕبوونی پانزە ڕۆژ لەوەرگرتنی .

چوارەم : بانگهێشت کردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ دانیشتن لەماوەیەك کە لە پانزە ڕۆژ تێپەڕنەکات لەڕێکەوتی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ، وە لەحاڵەتەکانی تری کە لەدەستووردا‌هەیە .

پێنجەم : بەخشینی میدالیاو خەلأت بەڕاسپاردەی سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی یاسا .

شەشەم : قبوولّ کردنی باڵیۆزەکان .

حەوتەم : دەرکردنی مەرسوومی کۆماری .

هەشتەم : پەسەندکردنی حوکمەکانی ئیعدام کە دادگاکانی تایبەتمەند دەریدەکەن .

نۆیەم : سەرکردایەتی باڵای هێزەکانی چەکداری دەکات بەمەبەستی تەشریف و ئاهەنگ .

دەیەم : پراکتیك کردنی هەر دەسەلأتێکی سەرۆکایەتی تری هاتووی نێو ئەم دەستوورە .

**ماددەی حەفتاودوو** : مووچەو دەرماڵەکانی سەرۆکی کۆمار بەیاسا دیاری دەکرێت .

**ماددەی حەفتاوسێ :**

یەکەم : بۆ سەرۆکی کۆمارهەیە کە ئیستقالە بەشێوەیەکی نووسراو پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بکات ، وە بەجێبەجێکراو دادەنرێت دوای تێپەڕبوونی حەوت ڕۆژ لەڕێکەوتی دانانی ئەو ئیستقالەیە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران .

دووەم : جێگری سەرۆکی کۆمار دەبێتە جێگرەوەی سەرۆك لەکاتی ئامادەنەبوونی .

سێیەم : جێگری سەرۆك کۆمار لەشوێنی سەرۆك کۆمار دەبێت لەکاتی بەتاڵ بوونی پایەی بەهەر هۆیەك بێت ، وە لەسەر ئەنجوومەنی نوێنەران پێویستە سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێرێت لەماوەیەك کە لە سی ڕۆژ تێپەڕنەکات لەڕێکەوتی بەتاڵ بوونی .

چوارەم : لەکاتی بەتاڵ بوونی پایەی سەرۆکی کۆمار ، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران شوێنی سەرۆك کۆماردەبێت ئەگەر سەرۆك کۆمار جێگری نەبێت ، بەجۆرێك سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت لەماوەیەك کە لە سی ڕۆژ تێپەڕنەکات لە ڕێکەوتی بەتاڵ بوون ، بەپێی ئەحکامەکانی ئەم دەستوورە .

**دووەم : ئەنجوومەنی وەزیران**

**ماددەی حەفتاوچوار :**

یەکەم : سەرۆکی کۆمار پاڵێوراوی گەورەترین کوتلەی نوێنەرایەتی لەڕووی ژمارەوە تەکلیف دەکات بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران لەماوەی پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەستانی دانیشتنی یەکەمی ئەنجوومەنی نوێنەران ، بە ئیستسنای حاڵەتی نووسراو لە برگەی (ب) ی بەندی (دووەم) لەماددەی (70) ی ئەم دەستوورە ، کە تەکلیف کردنەکە لەماوەی پانزە ڕۆژ دەبێت لە ڕێکەوتی هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار .

دووەم : سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی موکەلەف هەڵدەستێت بە ناونانی ئەندامانی وەزارەتەکەی لەماوەیەك کە تێپەڕنەکات لە سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی تەکلیف کردنەکە .

سێیەم : سەرۆکی کۆمار پاڵێوراوێکی نوێ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران تەکلیف دەکات لەماوەی پانزە ڕۆژ لەسەرنەوکەتنی سەرەك ئەنجوومەنی وەزیرانی موکەلەف بە پێکهێنانی وەزارەت لەماوەی ئاماژەپێکراو لەبەندی دووەم .

چوارەم : سەرەك ئەنجوومەنی وەزیرانی موکەلەف کراو ناوی ئەندامانی وەزارەتەکەی و بەرنامەکانی وەزارەتی دەخاتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران ، بەمتمانە قبوولّ کراو دەژمێردرێت لەکاتی ڕەزامەندی لەسەر وەزیرەکان بەتاك و بەرنامەی وەزارەتەکەی ، بەزۆرینەی ڕەها .

پێنجەم : سەرۆکی کۆمار پاڵێوراوێکی تر تەکلیف دەکات بۆ پێکهێنانی وەزارەت لەماوەی پانزە ڕۆژ لەبەدەست هێنانی وەزارەت بۆ متمانە .

**ماددەی حەفتاوپێنج :**

یەکەم : پێویستە سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران هەمان مەرجەکانی سەرۆك کۆماری تێداهەبێت و خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی بێت یان هاوتاکەی و سی و پێنج ساڵی تەمەنیشی تەواو کردبێت .

دووەم : پێویستە وەزیر هەمان مەرجەکانی پاڵێوراوی ئەنجوومەنی نوێنەرانی تێداهەبێت و خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی یان هاوتاکەی بێت .

**ماددەی حەفتاوشەش** : سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆیە لە سیاسەتی گشتی دەوڵەت ، فەرماندەی گشتی هێزەکانی چەکدارییە ، هەڵدەستێت بە ئیدارەکردنی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکان دەکات ، مافی لادانی وەزیرەکانی هەیە بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران .

**ماددەی حەفتاو حەوت** :سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران سوێندی دەستووریدەخۆنبەرامبەر ئەنجوومەنی نوێنەران بەهەمان شێوازی ئاماژەپێکراو لە ماددەی (49) ی دەستوور .

**ماددەی حەفتاوهەشت :** ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە :

یەکەم : پلاندانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەت و پلانەگشتیەکان و سەرپەرشتی کردنی کاری وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت .

دووەم : پێشنیارکردنی پڕۆژەی یاساکان .

سێیەم : دەرکردنی سیستەم و ڕێنمایی و بڕیارەکان بە ئامانجی جێبەجێکردنی یاساکان .

چوارەم : ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی گشتی و ژمێرکاری کۆتایی و پلانی گەشەپێدان .

پێنجەم : ڕاسپاردە کردن بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر ڕەزامەندی نیشاندان بۆ دامەزراندنی بریکاری وەزارەتەکان و باڵیۆزەکان و خاوەن پلە تایبەتەکان ، سەرۆکی ئەرکانی سوپاو هەردوو جێگرەکەی و ئەوانەی لە پایەی فەرماندەی فیرقەو بەرەو ژوورن و سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی و سەرۆکەکانی دەزگا ئەمنیەکان .

شەشەم : گفتوگۆکردنی پەیمان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و واژۆکردن لەسەری و یان ئەوەی کە تەخویلی دەکات .

**ماددەی حەفتاونۆ :**

یەکەم : سەرۆکی کۆمار دەبێتە جێگرەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەکاتی بەتاڵ بوونی پایەکەی بەهەر هۆیەك بێت .

دووەم : لەسەر سەرۆك کۆمار پێویستە پاڵێوراوێکی تر تەکلیف بکات بۆ پێکهێنانی وەزارەت لەماوەیەك کە لە پانزە ڕۆژ تێپەڕنەکات بەپێی ئەحکامەکانی ماددەی (74) ی ئەم دەستوورە .

**ماددەی هەشتا :** مووچەو دەرماڵەکانی سەرەك و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران و هاوتاکانیان لە پلە بە یاسا ڕێکدەخرێت .

**ماددەی هەشتاو یەك :** بەرپرسیاریەتی سەرۆك ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان بەرامبەر ئەنجوومەنی نوێنەران هاوبەشی و کەسیە .

**ماددەی هەشتاو دوو :**

یەکەم : بەیاسا دەزگاکانی ئەمنی و دەزگای هەواڵگری گشتی ڕێکدەخرێت ،ئەرك و دەسەڵاتەکانیان بەیاسا دیاری دەکرێت ،وەکاردەکات بەپێی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دەکەوێتە ژێر چاودێری ئەنجوومەنی نوێنەران

دووەم : دەزگای هەواڵگری نیشتمانی بە ئەنجوومەنی وەزیران بەستراوە .

**ماددەی هەشتاو سێ** : ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەوێکی ناوخۆ دادەنێت بۆ ڕێکخستنی ئەنجامدانی کارەکانی .

**ماددەی هەشتاو چوار :** پێکهێنانی وەزارەتەکان و کارەکانی و پسپۆڕایەتیان و دەسەڵاتەکانی وەزیر بە یاسا ڕێکدەخرێت .

**بەشی سێیەم : دەسەڵاتی دادوەریی**

**ماددەی هەشتاو پێنج :** دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆیەو دادگاکان بە جیاوازی جۆرو پلەکانی دەیگرنە خۆ ، ئەحکامەنیشی بەپێی یاسا دەردەچێت .

**ماددەی هەشتاو شەش :** دادوەرەکان سەربەخۆن ، وەهیچ سوڵتانێك لەسەر دادوەران نیيە تەنها یاسا نەبێت ، وە بۆ هیچ دەسەڵاتێك نیيە دەست لە قەزا یان کاروبارەکانی دادپەروەریی وەربدات .

**ماددەی هەشتاو حەوت :** دەسەڵاتی دادوەریی ئیتحادی لە ئەنجومەنی دادوەریی باڵاو دادگای ئیتحادی باڵاو دادگای تەمییزی ئیتحادی و دەزگای داواکاری گشتی و دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەریی و دادگاکانی ئیتحادی پێك دێت کە بەیاسا ڕێکدەخرێن بەپێی یاسا .

**یەکەم : ئەنجوومەنی دادوەریی باڵا**

**ماددەی هەشتاوهەشت :** ئەنجومەنی دادوەرییباڵا هەڵدەستێت بە ئیدارەکردنی کاروباری دەستەکانی دادوەریی ، یاساش چۆنیەتی پێکهێنان و پسپۆڕیەتی و بنەمای ڕێگاکانی کاری ڕێکدەخات .

**ماددەی هەشتاو نۆ :** ئەنجوومەنی دادوەریی باڵا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە :

یەکەم : ئیدارەکردنی کاروبارەکانی قەزاو سەرپەرشتی کردنی قەزای ئیداری .

دووەم : پاڵاوتنی سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییزی ئیتحادی و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاریی دادوەریی و خستنە بەردەمی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ڕەزامەندی نیشاندان لەسەر دامەزراندنیان .

سێیەم : پێشنیارکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەی دەسەڵاتی دادوەریی ئیتحادی و خستنە بەردەمی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ڕەزامەندی نیشاندان لەسەری .

**دووەم : دادگای ئیتحادی باڵا**

**ماددەی نەوەت :**

یەکەم : دادگای ئیتحادی باڵا دەستەیەکی دادوەریی سەربەخۆیە لەڕووی دارایی و کارگێڕییەوە .

دووەم : دادگای ئیتحادی باڵا لە ژمارەیەك دادوەرو شارەزای فیهی ئیسلامی و فوقەهای یاسا پێك دێت ، ژمارەیان و شێوازی هەڵبژاردنیان و کاری دادگا بە یاسا ڕێکدەخرێت بەزۆرینەی دوولەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران .

**ماددەی نەوەت و یەك :** دادگای ئیتحادی باڵا تایبەتمەندە بەمانە :

یەکەم : چاودێری لەسەر دەستووریەتی یاساو سیستەمە جێبەجێکراوەکان .

دووەم : تەفسیرکردنی دەقەکانی دەستوور .

سێیەم : یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی کە لەئەنجامی پراکتیزەکردنی یاسا ئیتحادییەکان دروست دەبن .

چوارەم : یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی کە ڕوودەدات لەنێوان حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانییەکان و ئیدارە خۆجەیەتیەکان .

پێنجەم : یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی کە ڕوودەدات لەنێوان حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان .

شەشەم : یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی سەرۆکی کۆمارو سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان دەکرێت ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت .

حەوتەم : پەسەندکردنی ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی گشتی بۆ ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نوێنەران .

هەشتەم :

أ/ یەکلاکردنەوەی کێشەی پسپۆڕایەتی نێوان قەزای ئیتحادی و دەستەکانی دادوەریی هەرێمەکان و پارێزگاکانی نەبەستراو بە هەرێم .

ب/ یەکلاکردنەوەی کێشەی پسپۆڕیەتی نێوان دەستەکانی دادوەریی هەرێمەکان یان پارێزگاکانی نەبەستراو بە هەرێم .

**ماددەی نەوت و دوو :** بڕیارەکانی دادگای ئیتحادی بالاّ بنبڕەو مولزەمە بۆ گشت دەسەلآتەکان .

**سێیەم : ئەحکامی گشتی**

**ماددەی نەوەت و سێ :** پێکهێنانی دادگای تایبەت و ئیستسنائی قەدەغەیە .

**ماددەی نەوەت و چوار :** پێکهێنانی دادگاکان و جۆرو پلەو پسپۆڕیەتیان بەیاسا ڕێکدەخرێت ، لەگەڵ چۆنیەتی دەست نیشانکردنی و خزمەتی دادوەریی و ئەندامانی داواکاری گشتی و ڕێکخستنیان (انضباطهم ) و ڕەوانەکردنیان بۆ خانەنشینی .

**ماددەی نەوەت و پێنج :** دادوەرەکان شیاونین بۆ لابردن ، تەنها لەو حاڵەتانەی کە یاسا دیاری دەکات وەهەروەها یاسا ئەحکامەکانی تایبەت پێیان دیاری دەکات و لێپرسینەوەی ئەدەبییان دەکات .

**ماددەی نەوەت و شەش :** ئەمانە لەسەر دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی قەدەغەیە :

یەکەم : کۆکراوەی نێوان دوو وەزیفەی دادوەریی و وەزیفەی تەشریعی و جێبەجێکردن و هەرکارێکی تر .

دووەم : ئینتماکردن بۆهەر پارتێك یا ڕێکخراوێکی سیاسی یان کارکردن لەهەر چالاکیەکی سیاسی .

**ماددەی نەوەت و حەوت :** بەیاسا قەزای سەربازیی ڕێکدەخرێت و پسپۆڕیەتی دادگاکانی سەربازیی کە تایبەتە بە تاوانەکانی کە مۆرکی سەربازی پێوەیە کە لە تاکەکانی هێزەکانی چەکداری یان هێزەکانی ئەمنی ڕوودەدات دیاری دەکرێت ،لەو سنوورەی کە یاسا دەریدەکات .

**ماددەی نەوەت و هەشت :** قەدەغەیە هەر یاسایەك بدەقێندرێت بەمەبەستی بەحەسانەکردنی هەر کارێك یان بڕیارێکی کارگێڕی لە تانە(الطعن ) .

**ماددەی نەوەت و نۆ :** دەکرێت بەیاسا ئەنجوومەنی دەوڵەت پێك بهێنرێت کە تایبەتمەندبێت بە وەزیفەکانی قەزای ئیداری و فتواو داڕشتن و نوێنەرایەتی کردنی دەوڵەت و گشت دەستەکانی گشتی بەرامبەر لایەنەکانی قەزا تەنها ئەوانەی ئیستسنا دەکرێن بەیاسا .

**بەشی چوارەم : دەستە سەربەخۆکان**

**ماددەی سەد :** کۆمسیۆنی بالآی مافی مرۆڤ و کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دەستەی نەزاهەت دەستەی سەربەخۆن دەکەونە ژێر چاودێری ئەنجوومەنی نوێنەران و کارەکانیان بەیاسا ڕێکدەخرێن .

**ماددەی سەدو یەك :**

یەکەم : هەریەك لە بانکی ناوەندی عێراقی و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی ڕاگەیاندن و پێوەندی پێکردن و دیوانەکانی ئەوقاف دەستەی سەربەخۆن لەڕووی دارایی و کارگێڕییەوە ،یاساش کاری هەریەك لەو دەستانە ڕێکدەخات .

دووەم : بانکی ناوەندی عێراقی بەرپرسیارە بەرامبەر ئەنجوومەنی نوێنەران و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی ڕاگەیاندن وپێوەندیپێکردن به ئەنجوومەنی وەزیران پەیوەستن .

سێیەم : دیوانەکانی ئەوقاف پەیوەستن بە ئەنجوومەنی وەزیران .

**ماددەی سەدو دوو :** دەستەیەك دادەمەزرێت بەناوی دەزگای شەهیدان ، پەیوەست دەبێت بە ئەنجوومەنی وەزیران کاری پسپۆڕیەتی بەیاسا ڕێکدەخرێت .

**ماددەی سەدوسێ :** دەستەیەکی گشتی دادەمەزرێت بۆ زامنی مافی هەرێمەکان و پارێزگاکانی نەبەستراو بەهەرێم ، بۆ بەشداری کردنی دادپەروەرانە لە ئیدارەی دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتی ئیتحادی و بەعسات و زەمالاتی خوێندن و نوێنەرو کۆنگرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان ، ئەم دەستەیەش لە نوێنەری حکومەتی ئیتحادی و هەرێمەکان و پارێزگاکانی نەبەستراو به هەرێم پێك دێت بە یاساش ڕێکدەخرێت .

**ماددەی سەدوچوار :** بە یاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێری و تەرخانکردنی داهاتەکانی ئیتحادی دادەمەزرێت و ئەم دەستەیەش لە شارەزایانی حکومەتی ئیتحادی و هەرێمەکان و پارێزگاکان و نوێنەرانیان پێك دێت لەم بەرپرسیارەتیانەش دەپێچنەوە :

یەکەم : وردبوونەوە لە دادپەروەریی دابەش کردنی منحەو یارمەتی و قەرزە نێودەوڵەتیەکان بەگوێرەی ئیستحقاقی هەرێمەکان و پارێزگاکانی نەبەستراو بە هەرێم .

دووەم : وردبوونەوە لە بەکارهێنانی نمونەیی بۆ داهاتەکانی دارایی ئیتحادی و دابەش کردنی .

سێیەم : زامنی شەفافیەت و دادپەروەریی لەکاتی تەرخان کردنی پارە بۆ حکومەتی هەرێمەکان یان پارێزگاکانی نەبەستراو بە هەرێم بەگوێرەی ڕێژەی دیاری کراو .

**ماددەی سەدو پێنج :** ئەنجوومەنێك دادەمەزرێت بەنێوی ئەنجوومەنی خزمەتی گشتی ئیتحادی هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی کاروباری وەزیفەکانی گشتی ئیتحادی ، لەنێویشیان دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلە، پێکهێنان و پسپۆرپەتی بەیاسا ڕێکدەخرێت .

**ماددەی سەدو شەش :** دەکرێت بەیاسا دەستەی سەربەخۆیی تر دابمەزرێت بەپێی پێویستی و زەرورەت .

**دەروازەی چوارەم : پسپۆرپەتی و دەسەلآتەکانی ئیتحادی**

**ماددەی سەدو حەفت :** دەسەلآتەکانی ئیتحادی یەکێتی عێراق و سەلامەتی و سەربەخۆیی و سەروەری و سیستەمی دیمەکراتی ئیتحادی دەپارێزێت .

**ماددەی سەدو هەشت :** دەسەلآتەکانی ئیتحادی بەم پسپۆرپەتیانە تەنها پەیوەنداره :

یەکەم : دانانی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دبلۆماسی و گفتوگۆکردنی پەیوەندار بە پەیمان و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و سیاسەتەکانی قەرزوەرگرتن و واژۆکردن لەسەری و بەستنی و دانانی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی و دەرەوەو سەروەریی .

دووەم : دانانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی و جێبەجێکردنی ، لەنێویشیان پێکهێنانی هێزەکانی چەکداری و ئیدارەکردنی بۆ دڵنیابوون لەپاراستن و زامن کردنی ئاسایشی سنوورەکانی عێراق و بەرگری کردن لێی .

سێیەم : دانانی سیاسەتی دارایی و گومرگ و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی بەهۆی سنووری هەرێمەکان و پارێزگاکان لەعێراق و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و دانانی سیاسەتی نەخت (النقدیه) و پیکهێنانی بانکی ناوەندی و ئیدارەکردنی .

چوارەم : ڕێکخستنی کارەکانی پێوانەکان ومکیالەکان و کێشەکان (الاوزان ) .

پێنجەم : ڕێکخستنی کاروبارەکانی ڕەگەزنامەو وەرگرتنی ئیقامەو مافی پەناهەندەیی سیاسی .

شەشەم : ڕێکخستنی سیاسەتی لەرەلەرەکانی بلآوکردنەوەو بەرید .

حەفتەم :دانانی پرۆژەی بودجەی گشتی وەبەرهێنان .

هەشتەم : پلاندانانی سیاسەتەکانی پەیوەندار بە سەرچاوەکانی ئاو لەدەرەوەی عێراق ،زامن کردنی ڕێژەکانی هاتنی ئاو بۆ عێراق بەگوێرەی یاساو دابە نێودەوڵەتیەکان .

نۆیەم : ئامارو سەرژمێری گشتی دانیشتوان .

**ماددەی سەدو نۆ :** نەوت و غاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە لە گشت هەرێم و پارێزگاکان .

**ماددەی سەدو دە :**

یەکەم :حکومەتی ئیتحادی هەڵدەستێت بە ئیدارە کردنی نەوت و غازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئیستا لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکانی بەرهەم هێنراو کە داهاتەکانی دابەش بکرێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کە بگونجێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتووان لە گشت خاکی وڵآت ، لەگەڵ دیاری کردنی پشکێك بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بۆ هەرێمەکانی زەرەرمەند کە بیٚ بەش بوون لێی بەشێوەیەکی ستەم

لێكراو لەلایەن ڕژێمی پێشوو كە زیانیان پێگەیشتبوو بۆ ئەوەی گەشەپێدانێكی هاوسەنگ دروست ببێت بۆ ناوچە جیاوازەكان لەعێراق ئەمەش بەیاسا ڕێكدەخرێت .

دووەم : حكومەتی ئیتحادی و حكومەتی هەرێمەكان و پارێزگاكانی بەرهەم هێنراو پێكەوە سیاسەتی ستراتیجی پێویست دادەڕێژن بۆ پێشخستنی سامانی نەوت و غاز بۆ وەدیهێنانی زۆرترین سوود بۆ گەلانی عێراقی لەسەر بنەمای نوێترین تەكنەلۆجیای پرنسیپەكانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان .

**ماددەی سەدو پانزە :** ئەو پسپۆڕیەتیانەی خوارەوە هاوبەشە لەنێوان دەسەلاَتەكانی ئیتحادی و دەسەلاَتیهەرێمەكان :

یەكەم : ئیدارەكردنی گومرگەكان بەهەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی هەرێمەكان و پارێزگاكانی نەبەستراو بەهەرێم ، ئەمەش بەیاسا ڕێكدەخرێت .

دووەم : ڕێكخستنی سەرچاوەكانی ووزەی كارەبای سەرەكی و دابەش كردنی .

سێیەم : دانانی سیاسەتی ژینگەیی بۆ زامن كردنی پاراستنی ژینگە لە پیس بوون و پارێزگاری كردنی لەسەر خاوێنی بەهاوكاری لەگەڵ هەرێمەكان و پارێزگاكانی نەبەستراو بە هەرێم .

چوارەم : دانانی سیاسەتەكانی گەشەپێدان پلانی گشتی .

پێنجەم : دانانی سیاسەتی تەندروستی گشتی بەهاوكاری لەگەڵ هەرێمەكان و پارێزگاكانی نەبەستراو بەهەرێم .

شەشەم : دانانی سیاسەتی فێركردن و پەروەردەی گشتی بە ڕاوێژ لەگەڵ هەرێمەكان و پارێزگاكانی نەبەستراو بە هەرێم .

حەوتەم : دانانی سیاسەتی سەرچاوەكانی ئاوی گشتی و ڕێكخستنی بەجۆرێك زامنی دابەشكردنێكی دادپەروەرانە بكات ئەمەش بەیاسا ڕێكدەخرێت .

**ماددەی سەدو دوازە :** هەر شتێك كە لە پسپۆڕایەتی تەنهایی دەسەلاَتەكانی ئیتحادی نەهاتبێت ئەوا لە دەسەلاَتەكانی هەرێمەكان و پارێزگاكانی نەبەستراو بەهەرێم و لە دەسەلاَی تری هاوبەشی نێوان حكومەتی ئیتحادی و هەرێمەكان ئەوا ئەولەویەت بۆ یاسای هەرێمە لەكاتی هەبوونی خیلاف لەنێوانیان .

**دەروازە پێنجەم : دەسەلاَتەكانی هەرێمەكان**

**بەشی یەكەم**

**هەرێمەكان**

**ماددەی سەدو سێزدە :**سیستەمی ئیتحادی لە كۆماری عێراق پێك دێت لە پایتەخت و هەرێمەكان و پارێزگا لامەركەزیەكان و ئیدارەی خۆجێیەتی .

**ماددەی سەدو چواردە :**

یەكەم : ئەم دەستوورە لەكاتی جێبەجێكردنیدا دان بەهەرێمی كوردستان و دەسەلاَتەكانی ئێستای دەنێت وەكو هەرێمێكی ئیتحادی .

دووەم : ئەم دەستوورە دان بە هەرێمی نوێ دەنێت كە دادەمەزرێت بە گوێرەی ئەحكامەكانی .

**ماددەی سەدو پانزە :** ئەنجومەنی نوێنەران لەماوەیەك كە تێپەڕنەكات لەشەش مانگ لەڕێكەوتی یەكەم دانیشتنی ، یاسایەك دادەڕێژێت كە كارە جێبەجێكارییەكانی تایبەت بە پێكهێنانی هەرێمەكان دیاری دەكات بە زۆرینەی سادە .

**ماددەی سەدو شانزە :** بۆ هەر پارێزگایەك یان زیاتر هەیە كە هەرێمێك پێك بهێنێت لەسەر داواكاریەك بۆ ڕیفراندۆم لەسەری كە بەیەكێك لەو دوو ڕێگایە پێشكەش دەكرێت :

یەكەم : داواكاری یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن لەهەر ئەنجومەنێك لە ئەنجومەنی پارێزگاكان كە هەوڵی ویستی هەرێم دەدەن

دووەم : داواكاری یەك لەسەر دەی دەنگدەران لەهەر پارێزگایەك لە پارێزگاكان كە ویستی پێكهێنانی هەرێم دەدەن .

**مادده‌ی سه‌دو حه‌ڤده :** هه‌رێم هه‌ڵده‌ستێت به‌ داڕشتنی ده‌ستوورێك كه‌ هه‌یكه‌لی ده‌سه‌ڵاته‌كانی هه‌ریمّ دیاری ده‌كات ، له‌گه‌ڵ میكانیزمی پراكتیكی جێبه‌جیكردنی ئه‌م ده‌سه‌ڵاتانه‌ به‌ جۆرێك له‌گه‌ڵ ئه‌م ده‌ستووره‌ پێچه‌وانه‌ نه‌بێت .

**مادده‌ی سه‌دو هه‌ژده :**

یه‌كه‌م : مافی ده‌سه‌ڵاتی هه‌رێمه‌كانه‌ له‌ پراكتیك كردنی ده‌سه‌ڵاته‌كانی ته‌شریعی و جێبه‌جێكردن و دادوه‌ریی به‌پێی ئه‌حكامه‌كانی ئه‌م ده‌ستووره‌ به‌ ئیستسنای ئه‌م پسپۆڕیه‌تیه‌ ته‌نهاییانه‌ی ده‌سه‌ڵاته‌كانی ئیتحادی .

دووه‌م : ده‌سه‌ڵاتی هه‌رێم مافی هه‌مواركردنی جێبه‌جێكردنی یاسای ئیتحادی هه‌یه‌ له‌ هه‌رێم له‌حاڵه‌تی هه‌بوونی به‌ریه‌ك كه‌وتن و نه‌گونجانی نێوان یاسای ئیتحادو یاسای هه‌رێم تایبه‌ت به‌ بابه‌تێك كه‌ ناچێته‌ پسپۆڕیه‌تی ته‌نهایی ده‌سه‌ڵاته‌كانی ئیتحادی .

سێیه‌م : پشكێكی دادپه‌روه‌رانه‌ له‌ داهاتی وه‌ده‌ست هاتووی ئیتحادی بۆ هه‌رێمه‌كان ته‌رخان ده‌كرێت كه‌ به‌شی به‌رپرسیاریه‌تی و (اعبائها) بكات ، له‌گه‌ڵ ڕه‌چاوكردنی سه‌رچاوه‌كانی و پێداویستیه‌كانی، له‌گه‌ڵ ڕیژه‌ی دانیشتوانی .

چواره‌م : نووسینگه‌ی هه‌رێمه‌كان و پارێزگاكان داده‌مه‌زرێن له‌ باڵیۆزخانه‌كان و به‌عساتی دبلۆماسی بۆ به‌دواداچوونی كاروباری ڕۆشنبیریی و كۆمه‌ڵایه‌تی و گه‌شه‌پێدان .

پێنجه‌م : حكومه‌تی هه‌رێم په‌یوه‌ندار ده‌بێت به‌ گشت داواكاریه‌كانی ئیداره‌ی هه‌رێم به‌تایبه‌تی پێكهێنان و ڕێكخستنی هێزی ئاسایشی ناوخۆی هه‌رێم وه‌كو پۆلیس و ئاسایش و پاسه‌وانی هه‌رێم .

**به‌شی دووه‌م : پارێزگاكانی نه‌به‌ستراو به‌ هه‌رێم**

**مادده‌ی سه‌دو نۆزده :**

یه‌كه‌م : پارێزگاكان پێك دێن له‌ژماره‌یه‌ك قه‌زاو ناحیه‌و گوند .

دووه‌م : ئه‌و پارێزگایانه‌ی كه‌ نه‌به‌ستراون به‌ هه‌رێم ده‌سه‌ڵاتی كارگێڕی و دارایی فراوانیان پێده‌به‌خشرێت بۆ ئه‌وه‌ی بتوانن ئیداره‌ی كاروباره‌كانیان بكه‌ن به‌ گوێره‌ی پرنسیپی لامه‌ركه‌زی ئیداری ئه‌مه‌ش به‌یاسا ڕێكده‌خرێت .

سێیه‌م : پارێزگار كه‌ ئه‌نجومه‌نی پارێزگا هه‌ڵیده‌بژێت سه‌رۆكی جێبه‌جێكردنی باڵایه‌ له‌ پارێزگا بۆ پراكتیك كردنی ده‌سه‌ڵاته‌كانی ته‌خویل كراو پێی له‌لایه‌ن ئه‌نجوومه‌نه‌وه‌ .

چواره‌م : به‌یاسا هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجوومه‌نی پارێزگاو پارێزگارو ده‌سه‌ڵاته‌كانیان ڕێكده‌خرێت .

پێنجه‌م : ئه‌نجوومه‌نی پارێزگا ناكه‌وێته‌ ژێ كۆنترۆڵ وسه‌رپه‌رشتی هیچ وه‌زاره‌تێك یان لایه‌نێكی نه‌به‌ستراو به‌ وه‌زاره‌ت و داراییه‌كی سه‌ربه‌خۆی هه‌یه‌ .

**مادده‌ی سه‌دو بیست :** ده‌كرێت حكومه‌تی ئیتحادی پارێزگاكان پێسپاردن(تفویض) بكات به‌ ده‌سه‌ڵاته‌كانی یان به‌پێچه‌وانه‌وه‌ به‌ ڕێكه‌وتنی هه‌ردوولا ، ئه‌مه‌ش به‌یاسا ڕێكده‌خرێـت .

**به‌شی سێیه‌م : پایته‌خت**

**مادده‌ی سه‌دو بیست و یه‌ك :** به‌غدا به‌ سنووری شاره‌وانیه‌كه‌ی پایته‌ختی كۆماری عێراقه‌ ، وه‌ به‌سنووری ئیداریه‌كه‌ بریتی له‌ پارێزگای به‌غدا وه‌ باری پایته‌خت به‌یاسا ڕێكده‌خرێـت و نابێت پایته‌خت بچێته‌ پاڵ هه‌رێم .

**به‌شی چواره‌م : ئیداره‌ خۆجێیه‌تیه‌كان**

**مادده‌ی سه‌دو بیست و دوو :** ئه‌م ده‌ستووره‌ مافه‌كانی كارگێڕی و سیاسی و ڕۆشنبیریی و فێركردنی نه‌ته‌وه‌ جیاوازه‌كانی تر زامن ده‌كات ، وه‌كو توركمان و كلدان وئاشوورییه‌كان و هه‌موو پێكهاته‌كانی تر . ئه‌مه‌ش به‌یاسا ڕێكده‌خرێـت .

**ده‌روازه‌ی شه‌شه‌م :ئه‌حكامه‌كانی كۆتایی ئینتقالی**

**به‌شی یه‌كه‌م : ئه‌حكامه‌كانی كۆتایی**

**ماددەی سەدو بیست و سیٚ :**

یەکەم : بۆ سەرۆکی کۆمارو ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە هەیە یان یەك لەسەر پێنجی ئەندامانی نوێنەران پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بکەن .

دووەم : نابێت پرنسیپە بنچینەییەکانی هاتوولە دەروازەی یەکەم هەموار بکرێن ، تەنها دوای دووخولی هەڵبژاردنی لەدوای یەك و لەسەر ڕەزامەندی دوولەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەری ، وە ڕەزامەندی بەڕیفراندۆمێکی گشتی و پەسەندکردنی سەرۆکی کۆمارو دوای حەوت ڕۆژ .

سێیەم : نابێت ماددەکانی تری ئاماژەپێنەکراو لە بەندی دووەمی ئەم ماددەیە هەمواربکرێت تەنها دوای ڕەزامەندی دوولەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەری و ڕەزامەندی گەل بەڕیفراندۆمێکی گشتی و پەسەنکردنی سەرۆکی کۆمارو لەماوەی حەوت ڕۆژ .

چوارەم : نابێت هیچ هەموارکردنێك لەسەر ماددەکانی دەستوور بکرێت کە دەسەلاٌتی هەرێمەکان کەم بکاتەوە و ناچێتە پسپۆڕیەتیە تەنهاییەکانی دەسەلاٌتەکانی ئیتحادی تەنها بەڕەزامەندی دەسەلاٌتی تەشریعی لە هەرێمی پەیوەندارو ڕەزامەندی زۆربەی دانیشتوانی لە ڕیفراندۆمێکی گشتی .

پێنجەم :

أ/ هەموار کردن بە پەسەندکراو دادەنرێت لەلایەن سەرۆك کۆمار دوای تەواو بوونی ماوەی ئاماژە پێکراو لە بەندی (دووەم) و (سێیەم ) لە حاڵەتی پەسەندنەکردنی .

ب/ هەموارکردن بە جێبەجێکراو دەژمێردرێت لە ڕێکەوتی بلاٌوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی .

**ماددەی سەدو بیست و چوار :** بۆ سەرۆك کۆمار و سەرۆك و ئەندامانی وەزیران و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و هەردوو جێگرەکەی و ئەندامانی دەسەلاٌتی دادوەریی و خاوەن پلەتایبەتیەکان نىیە کە ئیستغلالی پایەیان بکەن بۆ کڕین یان بەکرێ گرتنی شتێك لە موڵکی گشتی یان شتێك لە موڵکی خۆیان بەکرێ بدەن یان بفرۆشن یان گۆڕینەوە بکەن یان گرێبەستێك لەگەڵ دەوڵەت بکەن بەسیفەتی مولتەزیمیان یان دابین کەرییان یان بەڵێندەرایەتیان .

**ماددەی سەدو بیست و پێنج :** یاساکان و ئەحکامە دادوەرییەکان بەناوی گەلەوە دەردەچن .

**ماددەی سەدو بیست و شەش :** بڕیارەکان لەڕۆژنامەی فەرمی بلاٌودەکرێنەوە و لەڕێکەوتی بلاٌوکردنەوەی کاری پێدەکرێت ئەگەر دەقێك نەبێت پێچەوانەی ئەمە .

**ماددەی سەدو بیست و حەوت :** تەشریعەکانی جێبەجێکراو کاری پێدەکرێت ،تاکو ئیلغا نەبێتــەوە یا هەموار نەکرێت بەپێی ئەم دەستوورە

**ماددەی سەدو بیست و هەشت :** هەموو ریفراندۆمێکی هاتووی نێو ئەم دەستوورە ،دروستە بە زۆرینەی سادەی دەنگدەران ئەگەر پێچەوانەی ئەمە ئاماژەی بۆ نەکرابێت .

**بەشی دووەم : ئەحکامی ئینتقالی**

**ماددەی سەدو بیست و نۆ :**

یەکەم : دەوڵەت زامنی چاودێری بەندیە سیاسیەکان و زەرەرمەندەکانی ئەنجامی مومارەسە خراپەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو دەکات .

دووەم : دەوڵەت زامنی قەرەبووی خێزانی شەهید و بریندارەکانی ئەنجامی کارە تیرۆریستیەکان دەکات .

سێیەم : ئەوانەی لەبەندی یەکەم و دووەم هاتوون بە یاسا ڕێکدەخرێن .

**ماددەی سەدو سی :** ئەنجوومەنی نوێنەران لەیەکەم دانیشتنی پشت بە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی نیشتمانی ئینتقالی دەبەستێت تا دەرکردنی پەیڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بەخۆی .

**ماددەی سەدو سی و یەك :** داگای جینائی عێراقی باڵا بەردەوام دەبێت لە کارەکانی بەسیفەتی ئەوەی دەستەیەکی دادوەریی سەربەخۆیە تایبەت بە تەماشاکردنی تاوانەکانی حوکمی دیکتاتۆری پێشوو و پیاوەکانی و بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە ئیلغای بکاتەوە بەیاسا دوای تەواوبوونی کارەکانی .

**ماددەی سەدو سی و دوو:**

یەکەم : دەستەی نیشتمانی باڵای ڕیشەکێشکردنی بەعس بەردەوام دەبێت لەکارەکانی بەسیفەتی ئەوەی دەسەتەیەکی سەربەخۆیەو بەهەماهەنگی لەگەڵ دەسەلاٌتی دادوەریی و دەزگاکانی جێبەجێکردن .

دووەم : بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە کە ئەم دەستەیە هەڵبوەشێنێتەوە دوای تەواوبوونی کارەکانی بەزۆرینەی ڕەها .

سێیەم : مەرجە پاڵێوراوی پایەی سەرۆك کۆمار و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوونی وەزیران و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئیتحادو پێگە گرنگەکان لە هەرێم و ئەندامانی دەستە دادوەرییەکان و پایەکانی تری مەشموول کراو بە ڕیشەکێشکردنی بەعس بەپێی یاسا ، پێویستە ئەحکامەکانی ڕیشەکێشکردنی بەعس نەیگرێتەوە .

چوارەم : کارپێکردن بە مەرجەکانی ئاماژەپێکراو لە بەندی (سێیەم) ی ئەم ماددەیە بەردەوام دەبێت تاکو ئیلغا نەکرێتەوە بەیاسا .

**ماددەی سەدو سی و سێ :**

یەکەم : دەستەی داواکانی موڵکیەت بەردەوام دەبێت لە کارەکانی بەسیفەتی ئەوەی دەستەیەکی سەربەخۆیە و بەهەماهەنگی لەگەڵ دەسەلاٌتی دادوەریی و دەزگاکانی جێبەجێکردن بەپێێ یاساو بەستراو دەبێت بە ئەنجوومەنی نوێنەران .

دووەم : بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە ئەم دەستەیە هەڵبوەشێنێتەوە بە زۆرینەی دوولەسەر سێی ئەندامانی .

**ماددەی سەدو سی و چوار :** کارپێکردن بە ئەحکامی ماددەکانی تایبەت بە ئەنجوومەنی ئیتحاد دوادەخرێت لەهەر شوێنێك لەم دەستوورە هاتبێت تاکو دەرچوونی بڕیارێك لە ئەنجوومەنی نوێنەران بە زۆرینەی دوولەسەرسێی لەخولی هەڵبژاردنی دووەمی کە دوای جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە دەیبەستێت .

**ماددەی سەدو سی و پێنج:** ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی دەسەلاٌتەکانی سەرۆك کۆمار پراکتیك دەکات کە ئاماژەی پێکراوە لەم دەستوورە .

**ماددەی سەدو سی و شەش :**

یەکەم : دەسەلاٌتی جێبەجێکردن هەنگاوی پێویست دەگرێتەبەر بۆ تەواو کردنی جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی ماددەی (58) بە گشت بڕگەکانیەوە لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە بە گشت بڕگەکانیەوە .

دووەم : بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی دەسەلاٌتی جێبەجێکردنی حکومەتی ئینتقالی یە کە ئاماژەی پێکراوە لە ماددەی (58) لە یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە کە درێژ دەبێتەوەو بەردوام دەبێت بۆ دەسەلاٌتی جێبەجێکردنی هەڵبژێردراو بە گوێرەی ئەم دەستوورە بەجۆرێك هەمووی جێبەجێ بکرێت ( ئاسایی کردنەوە ، سەرژمێری ، کۆتایی دێت بە ڕیفراندۆمێك لە کەرکوك و ناوچەکانی تری کێشەلەسەر بۆ دیاری کردنی ئیرادەی هاولاٌتیانی) لەماوەیەك درێژترینی (اقصاها) تاکو 2007/12/31 بێت .

**ماددەی سەدو سی و حەفت :** کارپێکردن بەردەوام دەبێت بەو یاسایانەی کە تەشریع کراون لەهەرێمی کوردستان لەساڵی (1992) بەدواوە وە یاساکانی دەرچوو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێویشیان یاسای دادگاکان و گرێبەستەکان جێبەجێدەکرێ، ئەگەر هەموار یان ئیلغا نەکرابێت بەپێی یاسای هەرێمی کوردستان لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار یان بەپێچەوانەی ئەم دەستوورە نەبێت .

**ماددەی سەدو سی و هەشت :** یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوەو پاشکۆیەکەی ئیلغا دەبێتەوە لەکاتی پێکهێنانی حکومەتی نوێ بەدەر لەوەی هاتووە لە بڕگەی (أ) ی ماددە (53) و ماددەی (58) لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە .

**ماددەی سەدو سی نۆ :** ئەم دەستوورە جێبەجێ دەکرێت دوای ڕەزامەندی گەلی عێراق لەسەر لەڕێفراندۆمێکی گشتی و بلاٌوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکی نوێنەران بەهۆیەوە .

تێبینی : ئەم وەرگێرانە وەرگێڕانێکی فەرمی (ڕەسمی ) دەوڵەت نىیە بەڵکو لە سەنتەری ڕۆشنبیری پارێزەران وەرگێڕدراو